# هەڵبژاردن لە تورکییە (2)

## دەوڵەتی ئیسلامباوەڕ و کلکە سووتە بۆ ژنراڵەکان

خەلیل غەزەلی

khalil.ghazali@gmail.com

پاش توند بوونەوەی گرژی نێوان علیمانیەکان و ئیمانیەکان لە تورکییە، و پاش زەنجیرە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی لە شارەگەورەکانی ئەو وڵاتە بە دیفاع لە سێکۆلاریزم و دژی تێکەڵ کردنی دین و سیاسەت(تازەترین نموونەی 5ی جۆزەردان بوو) دەوڵەتی ئیسلامیەکان و پارتی داد و گەشە سەرەڕای ئەوە کە شیعە نین و باوەڕیان بە "تەقیە" نییە، ئەو ڕێبازەیان(تەقیە) لە ئاخوندەکانی ئێران قەرز کردووە و خەریکن لە تاکتیکەکانیاندا بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات و پێشبردنی ئامانجەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن.



ڕێبەرانی ئیسلامباوەڕ و مودێرنیزم
(عەبدوڵا گوڵ و هاوسەرەکەی)

بڕیارێک کە پارتی داد و گەشە داویە و بەتەواوی لەگەڵ باوەڕی مەزهەبیان دژایەتی هەیە ئەوەیە کە ئەو پارتە بەشێوەی فەرمی ڕایگەیاندووە کە هیچ ژنێکی سەرپۆش بەسەر لەم پارتە خۆی بۆ ئەندامەتی پارلێمانی ئایەندە بەربژار ناکات. گەر ئەم هەڵوێستە باش لێک بدەینەوە ئەوە دەگەینێت کە ژنێک کە سەری نەپۆشی دەتوانێ ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بێت و تەنانەت ببێتە ئەندام پارلێمان واتا نوێنەر و قسەبێژی ئەو پارتە لە پارلێمان و تەنانەت ببێتە وەزیر و...

پێم وانییە کەس لەو شک و گومانی هەبێت کە پارتی داد و گەشە ئاوەڵ برای پارتەکانی "ڕێفاه" و "فەزیلەت" ە و ڕێبەری عەقیدەتیشیان "نەجمەدین ئارباکان" ە،کە بە حوکمی دیوانی بەرزی وڵات بۆ ماوەیەک لە سیاسەت دووڕخرایەوە. هەم "ریفاه پارتیسی" و هەم "فەزیلەت پارتیسی" و هەم حیزبەکەی ئەردۆغان(ئەداڵەت وە کالکما پارتیسی) بە ئەحزابی باوەرمەند بە ئیسلام دەناسرێن و پاش هەڵوەشاندنەوەی دووپارتی پێشوو( سەرەتا ڕێفاه و پاشان فەزیلەت) ئەردوغان پارتی سێهەمی واتا داد و گەشەی دامەرزاند.

بەهۆی یاسا توند و جێ کەوتووەکانی سێکۆلاریزمی چەشنی کەماڵ موستەفا(باوکی تورکان) ، پارتی داد و گەشە هێندێک شاراوەتر ئامانجە ئیسلامیەکانی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاند. بەڵام ئەندامان و لایەنگران و بەتایبەت کادری ڕێبەریی هەمان کەسانی دوو پارتی پێشوو بوون. بەهۆی گەندەڵی و بێ عەمەلیی پارتەکانی بە ڕوواڵەت سێکۆلار بەڵام بێزراو لە پێشچاوی خەڵک و هەروەها بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ریشەیی و بنەڕیتی کار بۆ نەهێشتنی خورافە و بیروەبۆچوونی کۆن ئەنجام نەدرابوو و بەتایبەت بەهۆی سڕینەوەی ئاسەواری ئیسلامی پاش عوسمانی بەکەڵک وەرگرتن لە زۆر و بە زەبری لەشکەر و زیندان و...، ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی بەرین لە تورکیە سەرنجی چین و توێژی دوواکەوتوو و هەژار،کە ڕێژەیەکی یەکجار زۆری ئەو کۆمەڵگەیەن (بەداخەوە بە کوردیشەوە) ، ڕاکێشاوە. ئەوە بوو پارتی داد و گەشە

،پاش چەندین هەڵبژاردن وەها ڕێژەیەکی لە پارلێمان بەدەست هێنا کە بە بێ هیچ ئیئتلافێک توانی دەوڵەت پێک بێنێ. ئەڵبەت پێشتریش لە هەڵبژاردنی شارەداریەکاندا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنابوو.

هەر لەکاتی بەدەستەوە گرتنی دەوڵەت لە لایەن پارتی داد و گەشەوە ، بەربەرەکانی و چاوشارەکێی لەشکر و سیستەمی سێکۆلاری تورکییە و دەوڵەتی ئیسلامباوەڕ دەستیپێکرد. ئەوەش ڕاست لەکاتێکدابوو کە کۆمەڵگەی ئورووپا زەختی خستبووە سەر تورکییە کە دەبێ سیمایەکی دێموکراتیک لە خۆی نیشان بدات و یاسا و کردەوەی دێموکراتێک لە کۆمەڵگەدا ڕەچاو بکات. بێگومان ئەو هەلومەرجە و بەتایبەت ئەو تەماحەی کە پارێزەرانی سێکۆلاریزمی ئاتاتورکی هەیانە، کە تورکییە لە وڵاتانی ئیسلامی و "دواکەوتووی ڕۆژهەڵات" جیابکەنەوە و بە وڵاتێکی "ئورووپایی" بناسێنن، زۆری یارمەتی ئیسلام باوەڕانی دا کە هێندێک پێشرەوی لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانیان دا بکەن و لەگەڵ کوودیتای لەشکەر ڕووبەڕوو نەبن.

بەرە بەرە پێشرەوی ئیسلام باوەران لە دەسەڵات ، وەها هەلومەرجێکی پێکهێنا کە سیستەمی دووشێوەی دەسەڵات[1] بەروە یەک کاسە بوون دەچوو. ئەوە بوو کە لەشکر بە دەرک کردنی ئەو مەترسیە، هەنگاوی نایە پێش و بە پشتیوانی کردن لە سێکۆلاریزم و کەڵکوەرگرتن لە بارییە(ئەهروم)ەکانی دەسەڵات، پێشی لە پێشرەوی ئیسلامباوەران بۆ بەدەستەوە گرتنی سەرۆککۆماری گرت و سەرەنجام هەڵبژاردنی پێش وەخت وەک مەیدانێک بۆ زۆرانبازیی ئەو دوو بۆچوونە(ئیمانی و عیلمانی)هاتە کایەوە.

لەم ماوەدا شەڕی دەسەڵات و بردنەپێشی باوەرەکان توند و تیژتر بووەتەوە. سەرەتا دەوڵەتی ئیسلامباوەڕ بەو پشتیوانیانەی یەکێتی ئورووپا لە دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگەی تورکییە دەیکات و ئەوەی کە لەشکر تا ڕادەیەک ڕەچاوی پێشنیارەکانی (ئوروپا) لەمەر خۆ تێهەڵنەقوتان لە سیاسەتدا کردووە ، هێندێک جەسوورانە هاتەمەیدان و تا ئەو جێگە چووە پێش کە ئەردوغان ڕەخنەی لە هەڕەشەی لەشکر گرت و ڕایگەیاند کە :"دژایەتیی ڕێبەرانی سیاسی لە سیستەمێکی دیموکراتیکدا بۆ سیستەمی قەزایی ئێمە قەبووڵ ناکرێت." هێشتا چەند ڕۆژ لەم قسەی ئەردوغان تێنەپەڕیبوو کە وەرچەرخانێکی سەیر لە هەڵوێستی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و لەوانە "ئەردووغان"دا هانە ئاراوە. چوونکە لەشکر بێ پێچ و پەنا ڕایگەیاند کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵات( بخوێنەوە کەماڵیزم) خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین. ئەوەبوو کە ئەردوغان پەیامەکەی لەشکری باش وەرگرت و بۆ دڵداری دانەوە و دڵنیا کردنیان ڕایگەیاند هەرکات لەشکر بیەوێت کردەوەی نیزامی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدات(کوردستان–ن) دەوڵەت و پارلێمان پشتیوانی لێدەن.

بەڵام بۆچی ئیسلامباوەڕان دەیانەوێت سەنگەری سەرۆککۆماریش داگیر بکەن؟

ڕاستی ئەوەیە ،ئەگەرچی بە پێی یاساکانی تورکییە سەرۆککۆمار لە رووالەتدا دەسەڵاتێکی نییە و زۆرتر تەشریفاتی(دیوانی) دەنوێنی، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و لە زۆر شوێندا بڕیاری چارەنووس ساز بۆ تورکییە لەلایەن سەرۆککۆمارەوە دەدرێت. بۆ نموونە ،ڕاستە کە سەرۆکۆمار لە کاری بەڕێوەبردن و ئیجراییدا دەخالەتی نییە، بەڵام لە دەسنیشان کردنی قازیەکانی دیوانی بەرزی وڵات (ناوەندێکی بڕیاردەری گرینگە لە کاتی کێشەکانی پارلێمان و دەوڵەتدا)، سەرۆکی زانکۆکان(وەک ناوەندی پەروەردە و بارهێنان)،باڵوێزانی تورکییە بۆ

ولآتانی دیکه(وەک نوێنگەی عیلمانی بوون) و لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی سەرۆکانی ناوەندیی فەرماندیی لەشکر و سپا و دیاریکردنی جێگرانی وەزیران و سەرەنجام ڤیتۆکردنی پەسەندکراوەکانی پارلێمان، خاوەن ئیختیار و بڕیارە. هەر ئەوەیە کە لەشکر و ژنراڵەکان لەوە دەترسێن کە بوونی ئیسلامباوەڕێکی وەک عەبدوولا گۆڵ ،ئەو دەرەتانەیان بۆ بکاتەوە کە بەرە بەرە فەرماندەرانی لەشکری سەربەلایەنی خۆیان پەروەردەو بەرزیان بکەنەوە و شیرازەی سێکۆلاریزمی کەماڵیزم بەتەواوەتی لێک بڵاو بکەن.
بە لەبەرچاو گرتنی ئەوانەی باسم کرد، بەباوەڕی من ئەم هەڵبژاردنەی 22 ی مانگی 6 یەکێک لە چارەنووس سازترین هەڵبژاردنەکانی تورکیەیە و لەشکریش هەر لە ئێستەوە خۆی بۆ ئامادە دەکات و ئەو جموجۆلانەی لە کوردستان دەیکا زۆرتر لەوەی دژی هێزەکانی باشووری کوردستان بێت، قەران نانەوەیە بۆ ئەوکاتەی کە ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردن، زاڵ بوونی ئیسلامباوەڕەکان بەسەر "کەمالیزم " دا بێت، بێگومان ئەوکاتە گەر دەرەتانی کودیتایان نەبێت(هۆکارەکانم پێشتر باسکردووە) ئەوە تەنانەت ئەگەر بەشێوەی کاتیش بووە، شەڕێکی دەرەکی وەڕێ دەخەن تا بواری تێکەوە پێچان و کۆکردنەوەی گەمەی دێموکراسیی کەماڵیزم(بۆ پاراستنی کەماڵیزمی عیلمانی لەبەرابنەر کەماڵیزمی ئیمانییەوە) خۆش بکەن.

1 – من باسی سیستەمی دووشێوەی دەسەلآتم کرد، پێویستە هێندێک ئە چەمکە روون بکەمەوە. لە تورکییە دا قەوارەی سیاسی لەسەر بنەمای دوو دەسەلآت دامەرزاوە. واتا دوو دەسەلآت لە ئارادایە، یەکەم دەوڵەت کە بە رووالەت کار و باری بەدەستەوەیە، دووەم لەشکر کە بە دەسەلآتی سێبەر دەناسرێ و لەسەرەوەی دەوڵەت ڕاوەستاوە. لەم نێوانەشدا هێندێک پلە و دامەرزاو هەن کە نوێنەرایەتیی دەسەلآتی سپا دەکەن . بۆ نمونە سەرەوککۆمار و ئەو دامەزراوە و ناوەندانە کە بە هەڵبژاردن بەڕێوەبەرانیان دیاری ناکرێن و بە زۆری ڕیسمەیان لەدەستی ژنراڵەکانی لەشکردایە . سەرۆکۆمار و چەند ناوەندی دیکەی باسکراو هەر بڕیار و تەنانەت یاسایەک کە پارلێمان پەسەندی بکات بەکەیفیان نەبێت(لە گەڵ چوارچێوە دیایکراوەکانی کەماڵیزم یەک نەگرێتەوە) ڤیتۆی دەکەن. هەرکاتیش ئەو ناوەندانە کاریگەر نەبن، ئەوا لەشکر ڕاستەوخۆ دێتە مەیدان و بە کوودیتا کێشەکان "چارەسەر دەکات".
جۆزەردانی 2707